ئێوارەی رۆژی دووشەممە 2007/5/7 بۆ رێزگرتن لە یادی دۆعای جوانەمەرگ و دەربڕینی تووڕەیی و بێزاری لەبەردبارانکردنی ئەوکیژە دڵ پڕ لە هیواو ئاواتەو هەروەها بۆدەربڕینی نارەزایەتی لەسەر کەمتەرخەمی دەسەڵاتی سیاسی بەرامبەر بە دیاردەی توندوتیژی دژبە ژنان، لە لایەن رادیۆ دەنگی ژنانەوە کۆبوونەوەیەک لە شاری ستۆکهۆلم سازکرا.
لەم کۆبوونەوەدا کە بەبەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و لایەنگری یەکسانی بەرێوەچوو، لەلایەن بەرێزان گەلاوێژ حوسەینی، چۆمان هەردی، ئەحمەد ئەسکەندەری، رێواس ئەحمەد، رووناک شوانی و سدیقە محەمەدی چەند وتارێک پێشکەشکرا. لەبەشی کۆتاییدا ژمارەیەک لە بەشدارانیش بۆچوون و تێبینی خۆیان دەربڕی و لەسەر داوای هەمووان بڕیاردرا بەیاننامەیەک بەناوی کۆڕەکەوە بڵاوبکرێتەوە.




لە سایتەکانی "ژیانەوە" و "ئاوێنە" وەرگیراوە




# داخوازینامە

بۆ: حکومەتی هەرێمی کوردستان
پەرلەمانی کوردستان

ئێمە بەشداربووانی کۆبوونەوەی 2007/5/7 لە شاری ستۆکهۆڵم کە لەسەر بانگهێشتنی رادیۆ دەنگی ژنان بەرێوەچوو، وێرای ئەوەی زۆر بەتوندی ڕق و تووڕەیی خۆمان دەردەبڕین، کوشتنی دڕندانەی دۆعا مەحکووم دەکەین و سەرنجتان بۆ ئەم داواکاریانەی خوارەوە را دەکێشین:

یەکەم: سەپاندنی بێ شەرت و مەرجی یاسای پەرلەمانی کوردستان دژی کوشتن بەناوی ناموسەوە. ئێمە داواکارین کە بکوژانی دۆعاو هەموو ئەو کەسانەی بەبیانووی ناموسەوە ژن دەکوژن بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسیان سزابدرێن.

دووهەم: داوا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە پلانێکی سەرتاسەریی هەبێت بۆ پشتیوانیکردن و داکۆکیکردن لەو ژنانەی توندوتیژیان بەرامبەر ئەنجام دەدرێت بە دابینکردنی پەناگەی ئارام، یارمەتیی دارایی ژنانی تاک، دابینکردنی خانووبەرەو هەبوونی مافی پاراستن و یاسایی، ژنان و کچانی کوردستان ئەبێت بتوانن بە سەربەستییەوە هاوسەری خۆیان هەڵبژێرن.

سێهەم: کارکردن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاریی کۆمەڵایەتیی سەبارەت بە دۆزی ژن و پێشخستنی یەکسانی بۆ هەموو هاوڵاتیان بەبێ لەبەرچاوگرتنی رەگەز، ژێندەر و ئایینیان. حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت پرۆگرامی هەبێت بۆ ئاگاکردنەوەی خەڵک سەبارەت بە مافی ژنان و مافی مرۆڤ بەگشتیی، لەهەموو ئاستێکی کۆمەڵایەتی، پەروەردە، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا.

چوارهەم: سوودوەرگرتن لە سیستەمێکی پەروەردە کە دەربەستی یەکسانیی نێوان نێرو مێیە. منداڵەکان لەم سیستەمەدا فێری رێزگرتن لە ئازادی و سنورەکانی یەکتر و قبوڵکردنی جیاوازیی بکرێن. منداڵ تەنانەت ئەگەر لە ماڵەوە بە کەلتورێکی تایبەتیی پەرورردە بێت دەکرێت لە رِیی قوتابخانەوە فێری زۆر شتی گرینگ بکرێت کە رەنگدانەوەی هەبێت لە رەفتارو کارەکانیداو دواتر ئەمە تەنها گەرەنتیە کە نەوەکانی داهاتوو فێری دیموکراسی و یەکسانی بن.

پێنجەم: داکۆکی لەو پێشنیارە دەکەین کە رۆژی 7/4 بکرێتە رۆژی پێشگرتن لە کوشتن بەناوی نامووسەوەو هەموو جۆرە توندوتیژیەک بەرامبەر بە ژنان لە کووردستان.